# چاو پیا خشاندنەوەیەک بە شکستەکاندا

نوسینی : مامۆستا شێرکۆ

## چاو خشاندنەوەیەک بە شکستەکاندا

هیوادارم ئاشکراکردنی شکستەکان ، نەبێتە هۆی هەڵچونتان و تووترکە سەربن ، ڕاستیەکە دەبێ ئاشکرا بکرێت ، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە برادەرانی سەرکردایەتی یەکێتیەوە بەلامەوە گرنگە لە گەڵ ئەوان بدوێم ، تا ئێستا بنکە جەماوەری و کادیرەکانی خوار سەرکردایەتی سەنگی خۆیان هەیە ، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی گیانی گەندەڵی و هەڵپەرستی تیایاندا بە هێزێکی کاریگەرو گرنگ هەژمار دەکرێت ، خاوەنی دەیان هەزار تێکۆشەری زیندوو شەهیدو کەم ئەندام بەڵام زۆر بێخەبەر لە گوێی گادا نووستوو درک ناکات سەرکردەکەی چیەو چۆننەو چۆنیش خۆی سەپاندووە بە سەریدا بۆ مەرامی ناوبانگ و دەوڵەمەند بوون و ژیان بەسەر بردن لە کۆشک و تەلارو باخدا و ڕادانی خۆی و نەوەکانی بەسەر خەڵکداو سەپاندنیان بەسەر یەکێتیدا بۆنموونە منالی تاڵەبانی منالی شێخ جەنگی منالی کۆسرەت رەسول ئەمە دیارەکانیانە ، لێرەدا ئەمەوێ باسی هەندێ ڕووداو بکەم کە بە شکست بۆ سەرانی یەکێتی دەگێڕمەوە کە پەیوەندی بە خۆیەوەیەتی ، کەس پێم نەڵێ ئەی پارتی ، بە چەند وشەیەک پارتی حیزبێکی بەکرێگیراوی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نێو دەوڵەتیە کە بیانیەکان پێی دەڵێن contra واتە "دژە" ئەم پارتیە دژە شۆڕشە دیارە دەوڵەتانی دەورو بەروو نێو دەوڵەتیش کە پەنا بۆ بەکار هێنانی ئەم حیزبە دەبەن جۆرێک دوژمنایەتی و مەترسیان لە ئەنجامی سەرکەوتنی کورد هەیە لە بوون بە دەوڵەت گۆڕینی نەخشەی ناوچەکەو شێوانی ئۆقرەیی وڵاتانی دەورووبەروو مەترسیش بێت بۆ بەرژەوەندی زلهێزەکان ، ئەم پارتیە پشکی شێری هەیە لە شکست دان بە کورد ، بابێینە سەر بابەتەکە :

یەکەم ***کارەساتی هەکاری ،*** یەکەم شکستی گەورەی یەکێتی بوو نەک بەسەریدا هێنرا ، هەر لەسەرەتاوە ساغنەکردنەوەی نەخشە بۆ داڕشتن لەیەک ڕۆژی دەست پێکیەوە شکستی خوارد ، لە جیاتی بەکارهێنانی خاکی باشوور بۆ چوون بۆ بادینان و دەستکەوتی چەک لەوێوە چوون بۆ سوریا بۆ هێنانی کە بارەگای یەکێتی بۆ ئەو مەبەستە لە گوندی **دێرکی** ڕژئاوا کە نزیک بوو لە سنوری تورکیاوە ، ڕوو لە قووڵایی تورکیا کرا کە ئەم ڕوو تێکردنە خۆی لە خۆیدا شکست هێنەرە. ناردنی ٨٠٠ پێشمەرگە نیوە چەکدارو نیوە بێ چەک شکستێکی تری عەقڵی سەرانی یەکێتی بوو ، لەوەرزێکدا سەرماو بەفر بە کوێستانەکانی قەندیل و سپێ ڕێزی خەیلیان لە سەر سێ سنوری هەر سێ وڵاتی داگیر کەر ، ئەمەش شکستێک . نەبوونی چاوساخی کارامەی سەربازی و ملنان بە نێرەکەری و نەبوونی دۆست و هاوپەیمانی نەتەوەیی بەهێز لە کوردی باکوردا کەسێک یا دوو کەس یا وردە حیزبێک هاوکێشەکە هەڵناسێنێت بەلای هێزەکەدا ، ئەوەش بەشێکە لە شکستەکە . سەرماو کەمی خۆراک یا هەر نەبوونی ، هاوپەیمانی جاشی خێڵەکانی کوردی باکور لە گەڵ قیادەی مووەقەتە شکستی تەواوەتی بە هێزەکە هێنا بە قازانجی پارتی گەڕایەوە هێزەکە تەفرو توونا بوو بە

شەهید بوون و بریندارێکی زۆروو زۆرینەی بووە دیل لای پارتی بە زۆرینەی سەرکردەکانیەوە پاشان بە ئەمری شای خێڵی بارزان بڕیاردرا زەلامی مەزن بە چەکی مەزن دێتە کوشتنێ لەو قارەمانە گۆڕ بزرانە **شەهید علی عەسکەری شێخ حسین بابە شێخ** هەزاران سەلاو لە گۆڕیان و شەهیدە گۆڕ ونەکانی تری شکستەکەی هەکاری ،بەشێکی کە ١٧٦ پێشمەرگە بوو جەنابی ناموشەڕەفم یەکێک بووم لەوانە خۆمان دایە دەست سوپای عیراق ، بووە لەکەیەکو پێمەوە نووسا وەک تەوانج دەدرایەوە بەڕوومدا بەلام هیمەتی منی بەهێزتر دەکرد ، هەرچەندە هاتمەوە ناو شۆڕ یەکێک لەو هەنگاوە خراپانەی من وەک هەمووان چەکی خۆم دایە سوپای داگیر کەر بەلام من RPGم پێبوو بارتەقای چەکەکان حوکمەت پارەی پێمان دەدا من ٢٥٠ دینارم وەرگرت هەر کە گەیشتمەوە شاری کەرکووک بە ٥٠ دینار زیادیشەوە دامە برای بە ڕێز **ئەحمەد کرێکار** بە زوویی بیگەیەنێتەوە بە سەرکردایەتی پاش ماوەیەکیش خۆم بوومەوە بە پێشمەرگە . ئەوەی حەقە باسی بکەم چونکە بڕیارێکی بوێرانەی کات و ساتی خۆی بوو **فەرماندەی تێکۆشەرو ئازا شەهید جەمالی علی باپیر لەگەڵ ٧ پێشمەرگەی تردا سەرکەوتوانە گەڕانەوە قەندیل یەکێک لەوانە محمدی حاجی محمود بوو**(ئێستا محمد خەیار ناسراوە) **بە داخەوە ئەوانی تر ناویان نازانم ،** کۆی هەموو شکستەکە گەر ماتماتیکیانە لێکی بدەینەوە ١٪ بەر پەلاماری قیادەو جاشی باکوور دەکەوێت کەواتە لە ٩٩٪ بەر سەرانی یەکێتی دەکەوێت بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی ، لێرەوە داوا لە خوێنەر دەکەم خۆیم بەسەردا نەنوێنێ لە خۆیەوە دەربڕینی تری هەبێ خۆم بەشداربووی شکستەکەم لە هەموو کەس باشتری لێدەزانم ، لەم ڕووە کاک نەوشیروان نامێلکەی کارەساتی هەکاری نوسیوەتەوە خۆی هەتا قەندیل لە گەڵدا بووە باقیەکەی لەدەمی پێشمەرگەی ترەوە گێڕاوەتە کەمن یەکێک نیم لەوانە. پرسەکە ئەوەیە وانەیەکی لێ وەر نەگیراو داواش لە سزادانی کەس نەکرا و بۆ خۆی وەک بەرزەکی بانان تێپەڕی .

دووهەم ***شکستی شەڕی ناوخۆ کاتی گفتوگۆی ١٩٨٤*** بەتوانای بێ سنوری پێشمەرگەی یەکێتی پەلاماری پارتی و هاوپەیمانەکانی درا بەلام مەخابن قوربانیەکان بریتی بوون لە شەهیدەکانی یەکێتی و هاوپەیمانەکانی پارتی ، نەتوانرا پارتی لە فاقە بدرێت ببڕێندرێتەوە وەک هێزێکی ترسنۆک و شەڕخوازی تێکدەر پیشەی هەلاتن بوو بۆ درێژەدان بە تەمەنی خۆی دوا هەلاتنیان لەگەڵ گەمارۆدرانیان لە ناوچەی خۆشناوەتی هەلاتن بێ ئەوەی تەقەیەکیان لێ بکرێت بەرەو زرارەتی و بادینان ، لێرەدا شکستەکە لەچیدایە ، دەبوایە شەڕ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی پارتی نەکرایە و لێک جیا بکرانایەتەوە هەرچەندە ئەوان دەست پێشکەریان هەبووە لە شەهید کردنی پێشمەرگەی یەکێتی ، ئەوەی گرنگە بوترێ گشت هێزەکان جیاوازیەکی مرۆڤانەو عەقڵیان هەبوو لە گەڵ پارتی دەبوایە هەموویان دژی پارتی بوونایە ، خاڵێکی تری شکستەکە درێژەنەدانی یەکێتی بە پەلاماردانی پارتی لە بادینان و کەوتنە گفتوو گۆوە وەک ئەوەی شەهیدەکانی ڕۆڵەی کورد هەرچەندە ئەوەی ئەوانیش هەر

ڕۆڵەی کوردە بەڕێکەوتن هێزێکی یەکێتی بە سەرکردایەتی **شەهید ئازاد هەورامی** چووە بادینان بەداخەوە ئەو مانەوەیە شکستێکی تر کۆتایی پێهێنا و هاتینەوە سەر سفر .

سێهەم ***هەڵەبجە*** ، ئەمە جگە لە شکست یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکانی سەردەم بوو پێش ئەنفالە بەدناوەکە ، سەرانی یەکێتی بە هاوکاری سوپایەکی دڕندەی وەک پاسدارانی ئێران پەلاماری شاری هەڵەبجەیان داو کە باش دەیانزانی ئەو جۆرە هاوپەیمانیە لای دەوڵەتی عیراق سزای زۆر گەورەی هەیە ، چونکە لە گفتوو گۆی ١٩٨٤ دا لەقسەکردنیان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی فەوجی خەفیفە و مەفرەزە خاسە حوکمەت ڕازی نەبووبوو ئەمانیش پێداگریان کردبوو گوتبوویان ئێمەش پاسدارتان بۆ دەهێنین ئەوانیش گوتبوویان بە خراپترین چەک لێتان دەدەین ، ئەوەبوو لە گرتنی هەڵەبجەدا ڕێگەیان بە خەڵک نەدابوو شار جێ بهێڵن و بوونە خۆراکی کیمیاوی ، ئەم کارەساتە کێ بەرپرسی یەکەمیەتی خەڵک یا سەرانی یەکێتی ، دوای ڕاپەڕینیش فرۆکەوانی بۆردومان کەر زۆر بەڕێزەوە بەرەو هەندەران تێیتەقاندو ، گوتیان پیاوێکی گەورە گوتوویەتی خۆزگە بە چەند هەڵەبجەیەکی تر ، سەرانی یەکێتی گەر ئێوە خۆتان لە توونی باباشدا توند بکەن ڕۆژێک دادێ دێنە بەردەم دادگا و ئەم شکستەتان بەسەردا ساغ بکرێتەوە بکرێن بە میرابۆی هاو چەرخ یا لە ترسی میللەت ئەوەندە دور بکەونەوەو بتۆپن کرم لە جەستەتان بدات ، پیاوەتی بۆ ئەوەی خۆی دێتە سەر تەلەفزیۆن و هەرچی خراپەکاری کردویەتی باسی بکات و داوای بووردن بکات بە سوپاسیشەوە ملکەچی هەر سزادانێک بێت، لێتان ڕوون بێت میللەت چەند توندیش بێت ئەوەند بەسۆزەو لێتان دەبووری بەو مەرجەی ملی خۆتان بشکێنن و چیتر تێکەڵاوی سیاسەت نەبن و دەمدرێژی نەکەن .

چوارەم ***ئەنفال*** ، شکستێکی تری سەرانی یەکێتی لە ئەنجامی گفتووگۆیەکی شکست خواردوو لە ١٩٨٤ لەگەڵ دەوڵەتی عیراق ئەنجامەکەی تەختکردنی ٤هەزار گوندوو شارۆچکەی کوردستان ، شکستەکە بریتی بوو لە چۆڵکردنی هێزی پێشمەرگە بە بێ بەرنامەیەکی سەربازی و سیاسی ، بۆ ئەم شکستە : گەر لێکدانەوەی وردی بۆ بکرێت تا کاتی گفتوگۆ عیراق پەلاماردان و مامەڵەی لەگەڵ دانیشتوانی کوردستان نەرمتر بوو هەر چەندە خاوەنی ستراتیژێکی درێژخایەن بوو لەسەر پاکتاو کردنی ڕەگەزی بە هەنگاوی دوور مەودا لەوەبوو سیاسەتی دروستی کورد بیتوانیایە بەری پێ بگرتایە ، کە دوژمنێک لە تۆ بەهێزترو بە تواناترە لە ڕوی سەربازی ژێر خانی ئابووری و خاوەنی هەزاران ڕێکەوتن نامەی سیاسی و سەربازی و ئابووری و فەرهەنگی بە پشتیوانی هەموو سوننەی عەرەبی لە گەڵ بە پرس کردنی بە جوڵانەوەیەکی تێکدەرانەو خەڵکی ڕێگر ، تۆش تەنها خاوەنی تەنها ژمارەیەکی گیان لەسەردەستی بە کۆمەڵێک چەکی سووک و خراپ دەورە دراویش بە بە داگیرکەرو لەستراتیجی ئەوانیشدا هەر وەک بەعس تێت بڕوانرێت و ئابووریت نەبێ و تەنها شاخ بکەیتە پەناگا کە ئەویش تا سەردەمانێک کە توانای سەربازی عیراق لاواز بوو بەڵام جەنگی لە گەڵ

ئێراندا پڕ چەکی کردوو هەموو ڕێگایەکی لێت بڕیەوە ، کاتی خۆی لە پێش ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ لە ناوچەی قڵاسێوکە سوپای عیراق بۆ یەکەمجار کۆپتەری بەکار هێنا ئەوسا گوتم شۆڕش کردن سەختی و قورسی تێکەوت گوتیان دەی بتۆقی جولەکە بۆ ئەوەندە دەترسی ، ترسی من لەوە نەبوو دەکوژرێم بەڵکو بەهەڵەدا بردنی هەزارانی وەک من دەکەونە بەر پەلامارەکانی کۆپتەرو ڕاو دەکرێن بەبێ ئەوەی هیچ بەرگریەک بکرێت ئەوەبوو لەم شۆڕشی نوێەدا دەیان پۆلە پێشمەرگە کەوتوونە بەر هەڵمەتی کۆپتەر بەدرێژایی ئەوەندە ساڵە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست نەپێکراون . بۆیە کە عیراق بینی بەکردەوە هەڵت کوتایە سەر مجەمەعی عەرەب ووەڵامی دایەوە پاشان کە سوپای پاسداران هێنران بە چەک و تەقەمەنیەوەو پەلاماری کۆمپانیای نەوتی پێدرا لە کەرکوک کەخۆم لەوێ بووم ، پێشمەرگە قارەمانێتی زۆر لە ڕادەبەدەری نواند بەڵام بەلای حوکمەتەوە وەک ئەوەبوو شووژنێک بە فیلێکدا بکەیت بەداخەوە بۆ شەهید بوونی چەند قارەمانێک ، پاداشتی کۆماری پەتو قەنارەی ئیسلامی ئێران بەیانێک خوێندرایەوە بە ناوی عەمەلیاتی فەتحی یەکی سوپای پاسداران ، ئەم کردەوەیەو پەلاماردانی هەڵەبجە هەڵوێستی حوکمەتی بەتەواوی گۆڕی و ڕووی شەڕی ئێرانی گۆڕی بۆ ناو کوردستان و بڕیارێکی دەرکرد دەربارەی سوتاندنی تەڕوو وشک لە شمالنا الحبیب .

هەر کە توانی شەڕی قەیوان ماوەت دوای سێ مانگ جەنگینی قارەمانەی پێشمەرگە لەگەڵی بباتەوە . دەستی کرد بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بە ژمارە دوو توانی لە چەند ڕۆژێکدا ناو چەی سەرکردایەتی یەکێتی بگرێت و بووە مایەی لە دەستدانی بە هێزترین ناوچەی شەڕ و شەهید بوون و ڕەق بوونەوەی خەڵکی ڕاکردوو پاشان ئاسۆس و مەرگە . لە ئەنفالی یەک و سێ و چوار و پێنجدا هەموو ناوچەکانی قەرەداخ و گەرمیان و شوان و شێخ بزێنی و ساڵەیی و قەڵاسێوکەو هەموو دۆڵی سووسێ بەری کۆیەو دەشت هەولێر بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە کاولی کرد و خەڵکەکەی کردە سەبایای جەنگ و تاڵان و بڕۆکەی ئەباعوبەیدەو قەعقاع ، لەوەدا هەرگیز شەرمیان نەدەکرد چونکە پێیان گوناه نەبوو قورئان ڕێگای پێدا بوون هەموو ئۆپەراسیۆنەکانیش بە ئایەتێکی قورئان موبارەک دەکرا . مایەی عینادی و عەقڵ قوندەیی سەرانی کورد ١٨٢ هەزار پەپولەی کورد بوو بوونە قوربانی نەزانی جەنەراڵەکانی یەکێتی ،پاش ئەوە پەلاماردانی مەڵبەندی سێی یەکێتی لە خۆشناوەتی پاش کشانەوەی مەڵبەندی بادینان و کشانەوەی هەموویان بۆ قەندیل. پرسیارێک دەکەین تا ئێستا کێ ڕاستەو خۆ توانیویەتی بەربینی ئەو سەرکردانە بگرێ لەسەر ئەم کارەساتە گەورەیە کە نەگیراوە بۆ ، وەڵامەکەی لەم وتوو وێژەدا وەربگرە : لە عەسکەر بووم برادەرانی مەڵبەندی قەرەداخ گەیشتن وەک سەرکردەو پێشمەرگە لە جەنەراڵە گەورەکان عمر فتاح ئاوات قارەمانی جلال جەوهەر عەدنانی حەمەی مینا ، پرسیارم لە عمر فتاح کرد ئێوە دەتوانەوێ چی بکەن لێرە وتی لە چەمی ڕەزان بنکە دادەنێن ، منیش پێم وت لە ٦٣ دا حەرەس قەومی یەک دەبابە چووە سەر ڕەقەم یەک و چەمی ڕەزان گیرا ، ئێستاش هەر بە هاوانی ٨١ ملم چاوتان

دەردێنن ، دوایی گوتم باشە بۆ مۆڵەت بەو خەڵکەنادەن بڕوات یەکیان وتی ئەو خەڵکە بۆ کوشتن باشە زۆر بێدەسەڵاتە بۆیە ناوی ناهێنم نەک لێ بترسێم ، پاشان پێم وتن لە چەمی سورقاوشان کاتیۆشاو هاوەنی ۱۲۰ تۆپی ۱۰٦ لێیە لەم کاتەیا حوکمەت خەریکی پەلاماردانی دۆڵی جافایەتیەو بۆ هێزێک نابەن لە گەورەدێوە هەرچی تەقەمەنی ئەو چەکانە هەیە بینێن بە سەربازگەی سوسێوە کە ناوەندی هێرش بردنی ئەو پەلامارە بوو ، بە قسەی منیان نەکرد چوون لە سورقاوشانەوە هەندێ کاتیۆشایان نا بەنداوی دوکانەوە ، پاشان بینیمان خەریکە زۆرینەی سەرەکان ئەڕۆیشتن بەرەو مەڵبەندی سێ بەبێ ئەوەی خەڵکی ئاگادار بکەنەوە لە مەترسی شاڵاوەکانی حوکمەت ، ئەوەبوو گەرمیانیش چۆڵی کرد بە کارەساتێکی گەورە ، لە گوندی عەسکەر لە دوکانێکدا دانیشبووین باسی گەرمیان و کارەساتەکەیمان دەکرد کادیرێکی زۆر پێشکەوتوو وەک ئەوەی خۆی قەپاڵی لە دەبابە گرتبێ گوتی تۆ بۆ ئەو خەڵکە دەتۆقێنی ئەگەر لە ترسنۆکیت نەبێ ئەو قسانە ناکەی خۆشی چووەوە شار ، دوابەدوای ئەوە ئەوەندەی پێمکرا بە خەڵکم وت دێهات بەجێ بهێڵن ، لە ئەنفالی قەڵاسێوکەدا لە بن خێمەی جەنەراڵێکی تر دانیشتبووم پێم وت برا هەواڵیان ناردووە کە بەیانی پەلاماردەدرێن و سوپا لەدەوری ناوچەکە مۆڵدراوە لەو کاتەدا جەنەراڵێکی تر هات پرسیاری لێکرد ئەرێ لەدەورو بەری خالان چ باسە وتی وەلا قەحبەکەی جەلەمۆرد دوێنێ هاتەوە دەڵێ هیچ لە گۆڕێ نیە ، بەمنی وت ئەها ئەو وا دەڵێ نزیکی خۆر ئاوا بوون بوو تۆپێک دای بە خوارمانا فڕۆکەکانیش چەمی ڕەزان و عەسکەرو گۆپتەپەیان کیمیا باران کرد ئیتر ئەوەندەی بەر کەوت شەهیدبوو ، پێش تۆپەکە وتم برام بە تەمای چیت وتی لەم شاخانە شەڕ دەکەین تازە هاتبۆوە لە دوای لەدەستانی ئاسۆس بوو وتم ئە شاخە هەزار بەهەزارەتان جێ هێشت لێرە شەڕ دەکەی ، لە دوای هیچ پرسیارێ کە وەڵامیان دەدایەوە لەسەری نەدەڕۆیشتم ئەوەی زۆر سوور بووم لەسەری بەخەڵک وتن بوو خۆتان ڕزگار بکەن ، دوای دابڕان لەوان بۆ ماوەی ۱۷ ڕۆل خۆم ماتدا لەو شوێنەی دیاریم کردبوو کۆمەڵێ خەڵکی عەسکەر لەو چەمەدا بە قسەیان کردم بۆ خۆیان دەرباز بوون ، پاش ٥١ ڕۆژ ناوچەکەم جێهێشت بە هاوڕێیەتی پێشمەرگە قارەمانەکانی ۳۷ شارباژێر کە هاتبوونە ئەوێ یەکسەر بۆ ئێران .

کەس نەی پرسیەوە ئەرێ ئەم هەموو کارەساتە لە پای چی و بۆ چی و کێ تاوانبارە ، پێم وایە ئەوسا کورد بیتوانیایە بڕیار بەدەستانی یا جەنەراڵەکانی ئەو کاتەی ڕاپێچەکی دادگای گەل بکردایە ئێستای دوای ڕیفریودانی لێ پەیدا نەبوو .

ئەوەتا ئێستاش کەسانێک لەو شکستانەدا دەسەڵات دار بوون ئێستا زیارەتیان دەکرێ بەهۆی ناوەندی دەسەڵاتیانەوە موبارەکە لە کاروو کردەوەکانیان دەکەن بەهۆی ئەو هەموو کۆیلەو چەورانەی لە دەوریان .

دیارە زۆرینەی سەرکردەکان ئەوانەی گونی گوندار دەردەهێنن کەسیان لێ شەهید نەبوە ئەوەیشی شەهێدێک یا مردنێک بە تەیارە یا سەیارەی هەبێ کێ دەتوانێ لە حەوت ولات دوورتریشەوە چارەی لێ گرژ بکات ، کادیرو پێشمەرگەی دێرینیش دەڵێی ئاشی ئاو لێ بڕاون زۆربەتان کەس و کاری شەهیدن بەلام تیکە چەورەکە ئازای بەدەنتانی تووشی کۆلسترۆڵ کردووە، ئێستا دوای ١٠/١٦ وە کوردستان گەڕایەوە بۆ سەردەمی حوکمی زاتی ، بۆ ناڵێن بۆ ، وا بە ئاشکرا سەرکردایەتی دەستێکی چەوری بە ڕیشو سمێڵتانا هێناو بڕیارێکی گەوجانەی دەرکرد لەوان وابێ هەموو دنیا گەوجە ، وەک ئێستا ژیانی هەلپەرستانە بەرنە سەر سەری هەموو کوردیش لە قوڕ بنرێت هەر مێش میوانتان نابێت .

دەبێ فایل بۆ ئەم شکستانە بکرێتەوە تا جارێکی تر کورد گورگان خوارد نەکەن و دادگایی بکرێن .

هەقە بڵێم خۆزگە مرۆڤێکی **چاینی** دەبووم کورد نابووم لەبەر ئەوەی هەر لە پێش مێژووەوە پیاوی عاقڵ بەڕێوەی بردوون ، **سون تزو دەڵێ** : ***ئەگەر خۆت ناسی و دوژمنت ناسێ سەرکەوتن هی خۆتە .***

***ئێمەی کورد نە خۆمان ناسیوە نە دوژمن هەروەها لێپێچینەوەمان بۆ تاوانباران نەبووەو بەدەستی خۆمان کردومانن بە مام و کاکی خۆمان .***

مامۆستا شێرکۆ

٢٠١٧/١١/٨

بڵاوی بکەرەوە با پێیان بگاتەوە تا بزانن کەسێک هەیە دەیان بینێ